کورتە وەڵام/17 بۆ درۆو خەیاڵەکان.

1-بەدوای کورتە وەڵام/16داو بۆزانیاریی زیاتر.. کاژیک، کۆمەڵەیەکبو لەسەر بناغەیەکی هزری و فەلسەفیی پتەو دامەزرابو، دوای ساڵانێکیش، لەگەڵ پارتی گەلی کورد یەکیگرت و زنجیرەی ڕێکخستنەکانیان بە یەکدی موتوربەکران. بەو یەکگرتنەش، کاژیک لەڕوی چەندێتییەوە پەرەیسەند، بەڵام لەڕوی چونیەتییەوە دایە دواوە! ئەوەش بەهۆی روداوی بەدناوی کانی ماسییەوە! (کانی ماسی گوندێکە لەدامێنی شاری سلێمانی، ساڵی64 کرابو بەبنکەیەکی سەربازیی پدک) ئەو روداوە، گەرچی کردەوەیەکی شێتانەو تاکڕەوانەبوەو دەستی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی لەدواوەنەبوە، بەڵام لەسەر کاژیک زۆرکەوت، چونکە هەر لەو ساڵی یەکگرتنەدا 1964 ئەو روداوە رویدا. هەندێ لەئەنجامدەرانی روداوەکەش، پێشتر پەیوەندیی دو جەمسەریان بەپارتی دیموکرات و بەپارتی گەلیشەوە هەبوە. سەرکردایەتیی کاژیکیش، نەیکردبو، وەک پارتی، بەبەیانێک ئەستۆپاکیی خۆی لەو روداوە پیشانبدا، ئەوەش، وەک هەڵەیەکی گەورەبو، هەلیشی رەخساندبو بۆ نەیارەکانی کاژیک کە ئەو روداوەی بەسەرا بسەپێنن!. منیش لەو ساڵەدا نیشتەجێی بەغدادبوم و نەئاگام لەو یەکگرتنەو نەئاگام لەڕوداوەکەشبوە. دو سەرکردەکەی گەلیش کە بونە هاوکاری ئەندامانی سەرکردایەتیی کاژیک، تەنیا 3 مانگ لەو سەرکردایەتیەدا ماونەتەوە. دوای ئەوە چونەتە پاڵ بارزانیی باوک و ئیتر نەلەکاژیکیان پرسیوەتەوە، نەلەگەل.

ئەمە کورتەیەکی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی کاژیکبو. لەبۆنەو بواری پێشتردا،بەدرێژی و بەبەرواروبەناوهێنانی ئەکتەرەکانەوە دواوم، لەم کورتە وەڵامەدا پێویست بەدوبارەکردنەوە ناکا.

2-ئێستە، دوای تێپەڕبونی زیاتر لە50ساڵ بەسەر ئەو یەکگرتنەدا، تازەبەتازە شەڕە زرتانێیەکی گوماناویی بۆ ئەو دو لایەنە دروستئەکرێ بێئەوەی شەڕێکی لەوجۆرە پێشتر بونی هەبوبێ!! لەکاتێکدا ئێستە، وەک ڕێکخستن، هیچیان لەچالاکیدانین و زوربەی ئەندامەکانیشیان لەژیاندا نەماون!. بۆیە بەپێویستی ئەزانین درۆکانی ئەو شەڕە خەیالییە پوچەڵکەینەوە بەپیشاندانی راستییەکان:

ا-دروشمی (کوردستان بۆکورد-یەکسانی بۆ گەل) لەسەر نامیلکەی بەتایپ چاپکراوی کاژیکنامە لە 1960دا چەسپێنراوە. ئەوە تاپۆی ئەو دروشمەیە. ئەو هەوڵانەی کەئێستە ئەدرێن بۆ خۆبەخاوەنکردنی ئەو دروشمە، خەیاڵێکی خاوە.

ب-سەرکردایەتی کاژیک، هیچکات خۆی لەبەرپرسیاریتی نەبوردووەو هەمیشە سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵبوە. لەهیچ ڕۆژێکدا، سەرۆک یاسکرتێر یاکەسی یەکەمی نەبوە. ئەوەش نهێنیی مانەوەیانبوە بەگونجاوی و بەیەکدەنگی. باکەسیش شوێن زڕەخەیاڵ نەکەوێ و خۆی و کەسیتر بەو پۆستانەوە هەڵنەکێشێ کەبونیان نەبوە!.

پ-تاوانی وێرانکردن و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانی کاژیک، ناچێتە ئەستۆی ئەو دو پەڕە کاغەزە شڕەی لە 21و 25 /1975/1دا بەداڕشتنێکی لاوازو نەخوێندەوارانە، لەلایەن (دو کەسی لاوەکییەوە کە هیچ پلەو پایەیەکی بەرزیان لە ڕێکخستنەکانی کاژیکدا نەبوە)و هەر دوای ئەو بەروارەش، هەریەک بەلایەکدا بڵاوەیکردوەو نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیشی بەسەرداهاتوە. ڕاستییەکەی، چەند ساڵێک پێش ئەو دو پەڕەکاغەزەو پێش کۆنفرانسی نەغەدە، ئاژاوەی نێوان چەند کەسێک و هەوڵی پوچەڵی کودەتا بەسەر سەرکردایەتیدا ،بەنهێنی، بەمەبەستی خۆکردن بە کەسی یەکەم و شاردنەوەی هەمو ئەوانەش لەسەرکردایەتی و شتیتریش!! سەریانهەڵداوەو بونەتە هۆی وێرانکردن و لەیەکپچڕانی ڕیزەکانی ڕێکخستن!.

ت-کۆنگرەی خەیالیی ساڵی 1972 گوایە لەماڵەکەی منداو دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی تازە بۆکاژیک بەقسەیەکی من!؟ وەک چیرۆکی (بونە خەلیفە بەخەیاڵ) وایە! پێشتر بەبەڵگەی سەلمێنەرەوە سەلماندومە: کۆنگرەی وا؟ بونی نەبوە! ئامادەم بەڵگەی زیاتریش پیشانبدەم. بەڵگەنەویستە کە ئەو کۆنگرەیە بونی نەبوبێ، هەمو ئەو بڕیارە خەیاڵیانەش کەبەناوی ئەو کۆنگرە خەیاڵییەوە ڕیزکراون، هەر خەیاڵن و منیش توشی (داء النسیان) نەبوم!. خەیاڵێکی لەوەش سەیرتر، بۆمەبەستێکی سەمەرەتر! ئەوەیە گوایە بە قسەیەکی من، مەکتەبی سیاسیی پاسۆک دامەزرابێ!. ڕاستە من ماوەیەک ئەندامی ئەو مەکتەب سیاسییەبوم، بەڵام لەڕاستیدا من روم لێنرا بۆبەشداری لەو مەکتەبەداو تەنیا وەک یارمەتییەکیش بۆ پاسۆک، ئەو ئەندام مەکتەب سیاسییەم قبوڵکرد، چونکە دوای ڕاپەڕین، کە پاسۆک گەڕایەوە بۆ شار، نە مەکتەب سیاسیی هەبو، نە پێنوسێکی بەبڕشتیشی لەگەڵبو، بۆیە هاوکاریانم بەئەرکێکی نەتەوەیی زانی لەو ڕۆژەداو ئەرکی ڕاگەیاندنم گرتەدەس. زۆریشینەبرد، لەو مەکتەب سیاسییە کشامەوەو بەشداریی کۆنگرەکەی 1991/9/11ی پاسۆکیشم نەکرد. دواییش لەسەر داواو تکای ڕەوانشاد مولازم کەریم، بەشداریی کۆنگرەی یەکگرتنمکرد. جائەگەر لەپرۆفایلی خۆمدا نوسیبێتم ماوەیەک لەمەکتەب سیاسیی پاسۆکدابوم، درۆمنەکردوەو خۆشم پێوە هەڵنەکێشاوە!. ئەگەر ئەوە بەلای منەوە گرنگبوایە، وازملێنەئەهێناو لەئەنجامیشدا ئەگەر پۆستێکی گەورەم پێنەدرایە، هیچنەبێ بەپلەی وەزیر خانەنشین ئەکرام وەک زۆرێک لەوانەی نە جێپەنجەیەکیان لەڕاژەی نەتەوەکەماندا دیارە، نە لەشاردا ڕۆژێک زیندانیکراون، نە خەباتێکی ژێرزەمینیان هەبوە، نە لەشاخدا گوللەیەکیان تەقاندوە، کەچی بەپلەی وەزیرو گزیر خانەنشینکراون!. ئاخر کەسێک وەزیر نەبوبێ، چۆن و بە چ یاسایەک ئەبێ بەپلەی وەزیر خانەنشینکرێ!؟ تەنانەت وەزیرو

پەرلەمانتاریش کە پۆستەکەیان تەواوئەبێ، ئەبێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێشویان تا ساڵانی خزمەت تەواوئەکەن بۆخانەنشینی. ئەوە یاسایە نەک قسەی من!.

ج-من بۆ بەڕێوەبردنی رادیۆیەکی کوردی لەپاریس، ساڵی 1962 لەلایەن کامەران بەدرخان و جەمال نەبەزەوە بانگکرام، نەک بۆ بژێویی خۆم و نەفەقەی خوێندن! من و نەبەزیش ئەو سەفەرەمان پێکەوە نەکردوە. کە رادیۆکەش سەرینەگرت و من و هاوبیر نەبەز لەسویسرە دەرکراین بەپیلانی باڵیۆزی ئیراق! ئەو رویکردە ئەڵمانیاو منیش گەڕامەوە وڵات.

خ-دوای 1970/3/11 هەڵبژاردنێک لەسلێمانی بۆ لیژنەی ناوچەی پارتی کرا، نەک بۆ کۆنگرەی پارتی! ئەوەبو لەسەر داوای شوکری حەدیسی، لقی چوار ئەو لیژنە هەڵبژێردراوەی هەڵوەشانەوە چونکە هەمویان کاژێکبون. دوایی چەن کەسێکیتریان بەبێ هەڵبژاردن دانا بۆلیژنەی ناوچە. بەسەرۆکایەتی قادر جەباریش لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن ئەو کاژێکانە هەڵبژێردران بۆ ناوچەی پارتی!؟

د-چونی هەندێ هاوبیر بۆناو پارتی و رێکخراوەکانی، بەمەبەستی چەواشەکردنی رژێم و بڵاوکردنەوەی بیری کاژێکبوە، نەک وەک هێڵی لار!. ئەوەش تەکتیکێکبو بەڕێنمایی سەرکردایەتی. جگەلەوە، سەدان هاوبیری کاژێک بەشداریی شۆڕشی ئەیلولیانکرد وەک سەربازی نادیارو وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و دەیانیان شەهیدبون کە لە لیستی ناوەکاندا ئاماژەیان بۆئەکەین.

ر-لەو شەڕە زرتانێیەدا، جگە لەو خەیاڵ و درۆیانەی بەپیشاندانی راستییەکان، کورتە وەڵامێکماندانەوە، زۆر درۆیتر سەبارەت من، یا بەناوی منەوە، یا دژی من کراون، بایەخی ئەوەیانییە وەڵامیان بدەمەوە، تەنها وەڵامێکم بۆ شێرکۆی هەژار کە ئاماژەی بۆ پەیوەندیی من و تەها جەزراویکردوە! ئەڵێم: قسەیەکی سەیرە! من ساڵی 1970 لەگەڵ شەفیق ئاغا بەشەڕهاتم، ئەویش لەوکاتەدا نوێنەری شۆڕش و بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی جگەرەی سلێمانیبو کەمن بەڕێوەبەری ئیدارەو زاتییەی ئەو کارگەیەبوم، لەئەنجامی ئەو شەڕەدا لێینوسیم و بەواژوی تەها جەزراوی وەزیری پیشەسازی، نەقڵی کارگەی چیمەنتۆی بادوش کرام لەموسڵ- خۆش پەیوەندی!.

3-روانین بۆ زانای گەورەی کورد د.جەمال نەبەز، رۆژێک وەک هاودامەزرێنەری کاژێک و هانابردن بۆی و ناردنی نوێنەر بۆگرتنی داوێنی و رۆژێک لاریبون لەوەی هاودامەزرێنەربووە هانای بۆنەبراوەو داوێنی نەگیراوە!، لەگەمەی منداڵانەچێ! چونکە،ئەو، تا دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولیش، لەسەر چالاکیی کاژێکیانەی بەردەوامبووە تائێستاش لەسەر چالاکیی زانستیانەو مێژویانەو زمانەوانیانەو کوردایەتیانەی بەردەوامەو پێنوسێکی کەمونەو بەبڕشتە

لەوبوارانەدا. چونەدەرەوەشی بۆ خوێندنبوە. چاکیشیکردوە کە نەهاتۆتەوە بۆ شاخ. ئەو سامانە هزرییە بێشومارەی لەدەرەوە بەخشیویتی بەنەتەوەکەی، لەشاخ ئەبوایە هەر شەقی لەبەرد هەڵبدایە.

من لەگەڵ ئەوەنیم، هیچ نوسەرێک، تانەو تەشەرو سوکایەتی و درۆو ئەو جۆرە قسانە تێکەڵ نوسینەکانیبکا. دەستەواژەکانی: (ترِمبرِم، فیرِنەگولە، خۆڵەمێش، دۆم) لەبەرزیی نوسینی زانستی کەمئەکاتەوە. لەلایەکیتریشەوە، زاراوەکانی (سەرلێشێواو، هیچی نەکردو، بێوەفا، خڵەفاوە، تێکچوە، عەقڵی لەسەردا نەماوە، بەزیوە، رایکردوە) لەتۆڵەی ئەو دەستەواژانەدا، باویاننەماوە. کەی ئێستە سەردەمی ئەوە ماوە: لەپاداشتی بەردێکا بەرقێ بهاوێژرێ!؟ با رەخنەی زانستیانەو بابەتیانە پەیرِەوکەین.

لە کورتە وەلام/18دا، بابەتەکەمان درێژەی ئەبێ.